

خوێنەرانی خۆشەویست دڵنیا دەکەینەوە، لە ژمارەی ئایندە، ئەو باسەی کاک (سەرۆ قادر)، کە لەژێر ناوی **(گرفتی گەندەڵی و خواستی شەفافییەت لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگای کوردستاندا)** ڕۆژی ١٥ی شوباتی رابردوو لە ئوتێلی هەورامان پێشکەشی کرد، بڕیار وابوو، ئێمە لە هەفتەنامەی گوڵان بە دووبەش بڵاوی بکەینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی باسەکەی بەڕێزیان لە دووبەش زیاتری هەڵدەگرت، بۆیە بڕیارماندا لە ژمارەی ئایندەدا، وەک نامیلکەیەکی سەربەخۆ لەگەڵ هەفتەنامەی گوڵان بیخەینە بەردەستی خوێنەران.

گوڵان




لە ئەنجامی بەرەوپێشەوەچوون و باشتربوونی هەفتەنامەی گوڵان، ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی ویب سایتێکی نوێ و مۆدێرنین، بەناوی (گوڵان)، گوڵانێک گوزارشت لە شکۆفە و نوێبوونەوە و سەرهەڵدان بکات، لەم ڕووەوە داوا لە هەموو بەهرەمەندان دەکەین کە شارەزایی و پسپۆرییەکیان لە دروستکردنی (لۆگۆ) هەیە، دەتوانن تا ڕۆژی ٧ی نیسان، لۆگۆی (گوڵان) ئامادە بکەن و بۆمانی بنێرن ، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی پسپۆر و تایبەتمان دیاریکردووە و ئەوەی بە یەکەم دەربچێ، پاداشتێکی شایان وەردەگرێ.

گوڵان